بافڵ تاڵەبانی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور دەکاتەوە

بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،جەختیکردەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی بافڵ تاڵەبانی بڵاویکردەوە بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان لەگەڵ دانیال روبنستین، کاربەڕێکەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق و ستیڤن بیتنەر، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، لەکۆبوونەوەکە سەرۆکی یەکێتی رایگەیاند، پەرۆشن بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات لە بەرژەوەندیی هاونیشتمانییان.

هەربەگوێرەی راگەیەندراوی کۆبوونەوەکە، لە کۆبوونەوەکەدا پێشهات و رووداوە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانی ناوچەکە تاوتوێکراون و جەخت لە هەماهەنگیی نێوان لایەنەکان و پێویستیی پاراستنی سەقامگیری و ئارامی کراوەتەوە.

ئەوەشخراوەتەڕوو، هەر لە کۆبوونەوەکەدا بافڵ جەلال تاڵەبانی لەبارەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بۆ باشترکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان، ژیانی هاونیشتمانییان و بنیادنانی حکومەتێکی بەهێز، لە هەوڵی بەردەوامدان و پەرۆشن بۆ گۆڕانکاریی

ریشەیی لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی هاونیشتمانییاندا بێت.

لەکۆتایی راگەیەندراوەکەدا هاتووە، لەبارەی کێشەکانی هەولێر و بەغداد، بافڵ جەلال تاڵەبانی جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و لێکتێگەیشتن و رێککەوتنە سیاسییەکان کردووە و گوتوویەتی، دەبێت هەموومان بەرپرسیارانە ئەم دۆخە لەبەرچاوبگرین و زەمینەی زیاتر بڕەخسێنین بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک کە لە بەرژەوەندیی خەڵک و هاونیشتمانییاندا بێت.